# حوكمی دواخستنی نوێژ لەبەرخاتری ئیش وكار

[ كردي – كوردی – kurdish ]

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ حكم تأخير الصلاة عن وقتها من أجل العمل ﴾

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی دواخستنی نوێژ لەبەرخاتری ئیش وكار

ئـەم پرسیارە ئاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئیسلام هاوس کراوە:

السلام علیکم : بـەڕێزان موسوڵمانێك لـە بازار ئیش ئـە کات نوێژی بـە یانـي ئـە کات بـە لام فریاي فـە رزە کانـي تر ناکـەوێت مـە جالـي نـابێت، شـەو دێتـەوە دواي بـانگـی عیشاء چۆن ئـەتوانێت قـەرەبووی ئـەو نوێژانـەی تری بکاتـەوە؟

وەڵام : سوپاسی بێ پایان بۆ خوای گـەورە:

برای بـەڕێزم سـەرەتا ئـەبێت ئـەوە بزانیت ئـەم پێنـج نوێژەی کـە ئێستا خوای گـەورە لـەسـەرمانـی فـەرز کردووە شوکر وسوپاسی دەوێت لـەسـەری کـە بیکـەین، ئـەگینا سـەرەتا پـەنجا نوێژ بوو کـە لـە شـەوی ئیسراء ومیعراجدا لـەسـەر موسڵمانان فـەرزکرا، پاشان خوای گـەورە بـەڕەحم وبـەزەیی خۆی بۆی کردین بـە پێنـج نوێژ کـە خێر وپاداشتی ئـەو پـەنجا نوێژەی هـەیـە بـەڵام بـەو مـەرجـەی لـەکاتـی دیاری کراوی خۆیدا ئـەنجامیان بدەین چونکـە خوای

گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئەفەرمویت : ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتۡ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ كِتَٰبًا مَّوۡقُوتًا﴾ [النساء:١٠٣] واتە : بێگومان نوێژ لەسەر ئیمانداران فەرزە لەکاتی دیاریکراودا دەبێ ئەنجام بدرێت، ئەمجا برای بەڕێزم هێندە بزانە ئەم ئایەتە لەیەکێك لە غەزوەکاندا دابەزی کە سەرەتاکەی باسی نوێژی ترس ئەکات (صلاة الخوف) ئەو نوێژەیە کە لەکاتی بەرەکانی جەنگ وجیهاددا دەکرێت، تەنانەت لەو کاتەیشدا کە ئیتر چەندێك جێگای مەترسیە خوای گەورە ڕازی نەبووە باوەڕداران نوێژەکانیان نەکەن، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو فێریشیان ئەکات کە نوێژی جەماعەتەکەشیان نەفەوتێنن و ئێستا کاتی ئەوە نییە ئەگینا بە درێژی باسی ئەوەیشمان دەکرد.

جا بۆیە برای بەڕێزم لەوەڵامدا ئەڵێین نەخێر بەهیچ شێوەیەك دروست نییە نوێژ دواخستن لەکاتی خۆیدا مەگەر بۆ کەسێك لەسەفەردا بێت یان نەخۆشێك بێت و حاڵی بەشێوەیەك بێت نەتوانێ لەکاتی خۆیاندا بیانکات ئەو کاتە

ئەتوانیٚ نوێژی نیوەڕۆ و عەسر پیکەوە کۆبکاتەوە یان نوێژی مەغریب و عیشا پیکەوە کۆ بکاتەوە، ئەمە بۆ کەسێك خاوەن عوزر بێت، بەڵام ئەوەی تۆ ئەیڵێت هیچ عوزرێکی شەرعی تێدا نییە لەبەر کارەکەت نەتوانیٚ نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا بکەیت و پاشان هەر هەموویان شەو بگێریتەوە، ئەمەی جەنابت ئەیڵێت هیچ کەسێك لەزانایانی کۆن و نویٚ ڕێگەی بەوەها کارێك نەداوە، تۆیش ئەوەندە بزانە لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە واز لەو ئیشە بهێنەو بڕۆ بەشوێن ئیشێکی تردا بگەڕیٚ دڵنیابە خوای گەورە دەروی خێرت لی دەکاتەوە، چونکە هەر خۆی فەرموویەتی : ﴿وَمَن يَتَّقِ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّهُۥ مَخۡرَجٗا (٢) وَيَرۡزُقۡهُ مِنۡ حَيۡثُ لَا يَحۡتَسِبُۚ﴾ [الطلاق : ٢-٣] واتە : هەرکەسێك تەقوای خوای هەبێت وپارێزکار بێت ئەوە خوای گەورە دەرووی خێری لیدەکاتەوە وبەشێوەیەکیش ڕزق ورۆزی ئەدات کە خۆیشی حسابی بۆ نەکردبێت.

ئەمەیشی جەنابت خەریکیتی بۆ بەڕێکردنی ژیان ومەعیشەتی دونیایە ئەی بۆ ژیان ومەعیشەتی ژیانی ڕۆژی دوایی بۆ هەوڵ نادەیت نوێژەکانت لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدەیت.

خوای گەورە زانا وشارەزا ترە.